# هەوڵەکانی بەغدا و بێدەنگی هەولێر؛ فرۆشتنی گازی هەرێمی کوردستان بە عێراق

08-04-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : رۆژانی رابردوو وەزارەتی کارەبای عێراق جارێکی دیکە ئاماژەی بە کڕینی گازی هەرێمی کوردستان لە مانگەکانی داهاتوودا کرد و پێشتریش دانەگاز رایگەیاندبوو کارەکانی بەرهەمهێنانی 250 ملیۆن پێی سێجا گازی دیکە لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا تەواودەبێت، واتە لەم رۆژانەوە ئامادە دەبێت بەڵام نازانرێت بۆ وێستگەکانی کارەبایە لە هەرێمی کوردستان یان عێراق؟

## بەرایی

ڕۆژانی ڕابردوو وەزارەتی کارەبای عێراق جارێکی دیکە ئاماژەی بە کڕینی گازی هەرێمی کوردستان لە مانگەکانی داهاتوودا کرد و پێشتریش دانەگاز ڕایگەیاندبوو کارەکانی بەرهەمهێنانی 250 ملیۆن پێی سێجا گازی دیکە لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا تەواودەبێت، واتە لەم ڕۆژانەوە ئامادە دەبێت بەڵام نازانرێت بۆ وێستگەکانی کارەبایە لە هەرێمی کوردستان یان عێراق؟

ڕۆژی 2ی نیسانی 2024یش باڵیۆزی ئەمریکا لە دیداری وەزیری نەوتی عێراق بە ئاماژەکردن بە ئامادەکارییەکان بۆ سەردانی سوودانی بۆ واشنتن لەم مانگەدا گوتی "لە کۆبوونەوەکەدا باسی سەربەخۆیی عێراقمان لەڕووی وزە، و بەکارهێنانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کردووە کە دەتوانێت یارمەتی عێراق بدات بۆ سەربەخۆیی وزە کە ئەمەش سوود بە عێراقییەکان دەگەیێنێت".

هەروەها، ساڵی ڕابردوو، لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمدا حکومەتی عێراق چەند وێنە و بڵاوکراوەیەکی لەسەر نۆژەنکردنەوە و بەستنەوەی هێڵی گازی کۆرمۆر بە ویستگەی بەرهەمهێنانی 620 مێگاواتی کارەبای کەرکوک (تازە) بڵاوکردەوە.

لەڕاستیدا، حکومەتی عێراق و کابینەکەی سودانی نزیکەی نۆ مانگ پێش ئێستا و لە 11ی تەمموزی 2023دا وەزارەتی نەوتی ڕاسپارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری گاز لە هەرێمی کوردستان و پلانی کڕینی گازی کۆرمۆری پەسەند کرد. هەڵبەت تاوەکو ئێستا گرێبەستی نێوان دانەگاز و حکومەتی عێراقی بەفەرمی بۆ فرۆشتنی گازی کۆرمۆر و چەمچەماڵ بە بەغدا ڕانەگەیێندراوە، بەڵام عێراق هاوردەکردنی گازی لە دەرەوە کەمکردووەتەوە و ئەمریکاش داوا دەکات سوود لە گازی هەرێمی کوردستان وەربگرێت کە هەر بۆ خۆی 250 ملیۆن دۆلاری وەک قەرز داوە بە دانەگاز بۆ تەواوکردنی پرۆژەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی گاز.

لەم ڕۆژانەشدا، وەزارەتی کارەبای عێراق گرێبەستی هاوردەکردنی گازی ئێرانی بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە درێژکردەوە، بەڵام بڕەکەی ڕۆژانە لە 70 ملیۆن مەتر سێجا کەمکردەوە بۆ 50 ملیۆن مەتر سێجا، واتە عێراق هاوردەکردنی گازی لە ئێرانەوە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو درێژکردووەتەوە، بەڵام ڕێژەکەی 28% کەمکردووەتەوە بە بەراورد بەپێشووتر.

هەموو ئەمانەش پێکەوە دەرخەری گرنگی یەدەگ و ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان، و فشارەکانی ئەمریکا و هەوڵەکانی عێراق بۆ وەبەرهێنان و پڕ کردنەوەی پێداویستی گاز لەنیوخۆدا دەردەخات، بەڵام لەم ڕاپۆرتەدا هەڵوەستە لەسەر ئەگەری ڕێککەوتنی سێ لایەنە بۆ فرۆشتنی گازی هەرێمی کوردستان بە عێراق و ماناکانی واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی لەوشێوەش لەسەر کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکەین.

## گرنگی یەدەگی گاز و داهاتووی بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان

ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و داڕشتنەوەی نەخشەی بۆرییەکانی وزەی جیهانەوە گرنگی گازی سرووشتی زیاتر دەبێت، تەنانەت لە قۆناخی گواستنەوەی وزەدا لە وزە باوەکانەوە بۆ وزە نوێبووەکان. هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی باشی ئەم سامانە سرووشتییەیە، هەربۆیەش لە ڕاپۆرتێکی کۆمپانیای قەمەر ئێنرجی کە بۆ وەزارەتی وزەی ئەمریکا ئامادەیکردبوو، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەگەر وەبەرهێنان لە گازی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامبێت، ئەوا لەماوەی کەمتر لە یەک دەیەدا توانای هەناردەکردنی بۆ بازاڕەکانی جیهان دەبێت.

کێڵگە گازییەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ خاوەنی یەدەگی 16 ترلیۆن پێی سێجا گازی،سەلمێنراون و باس لە هەبوونی 80 ترلیۆن پێی سێجا لەو دوو کێڵگە گازییە دەکرێت. ئەم کێڵگە گازییانە بە یەکێک لە گەورەترین کێڵگە گازییەکانی عێراق و جیهان دادەنرێت کە پەرەپێدانی تێدا کراوە و لەساڵی 2007وە گرێبەستەکەی واژۆکراوە و لە 21ی ئادار 2019دا گرێبەستی 10 ساڵەی فرۆشتنی گازیشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژووکردووە بۆ دابینکردن و فرۆشتنی بڕی گازی بەرهەمهێنراوی زیادکراو لە داهاتوودا. بەتەنیا لە کێڵگەی کۆرمۆر ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە 30 ملیۆن پێی سێجا لە 2009وە بەرزکراوەتەوە بۆ نزیکەی 520 ملیۆن پێی سێجا لە 2023دا، ئێستاش بڕێکی نوێ بەتوانای 250 ملیۆن پێی سێجا تەواوبووە و لە ئەمساڵدا بەتەواوی ئامادە دەبێت.

هەروەها، لەبارەی یەدەگی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان، بەدیاریکراویش لە قەزای چەمچەماڵ، بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری پێشووی گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی یەدەگ و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و گازییەکانی عێراق" یەدەگی گاز لە باکووری وڵات، و لە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە 20-40 ترلیۆن پێی سێجا (0.57-1.13 ترلیۆن مەتر سێجا) دادەنرێت، لەکاتێکدا لە تەواوی وڵاتەکەدا کۆی یەدەگی گازی بە 3.74 ترلیۆن مەتر سێجا دادەنرێت".

کۆمپانیای دانەگاز ساڵی 2005 دامەزراوە و بەهاوبەشی کرێسنت پیترۆلیوم لەساڵی 2007 دا گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکردووە بۆ بەرهەمهێنان و دابینکردنی گاز بۆ ویستگەکانی کارەبا. ئەگەر کەیسی دادگاییەکەی 2017 نەبوایە کە دووبارە مافی بەرهەمهێنانی گاز بۆ کۆمپانیاکە لە هەرێمی کوردستان تاوەکو 2049 نوێکرایەوە و بەسەرووی 1 ملیار دۆلار قەرەبوو کراوە، ئەوا لەم ساڵانەدا هەرێمی کوردستان دەبووە خاوەنی ئەم یەدەگ و پەرەپێدانە لە کەرتی گازدا.

لەم کەرتەدا وەبەرهێنان بەشێوەیەک پێشکەوتووە کەوا ڕۆژانە لە 90 ملیۆن پێی سێجاوە گەیشتووەتە 520 ملیۆن پێی سێجا و چاوەڕواندەکرێت لەم ڕۆژانەشدا بگاتە 770 ملیۆن پێی سێجا لە ڕۆژێکدا وەکو لە گرافیکی خوارەوە هاتووە.

ئێستا، ڕەوشی نێوان هەولێر و بەغدا تەواو جیاوازە و وەکو پێشووتر نییە، هەربۆیەش ڕۆژانی ڕابردوو هەولێر لە بەرامبەر لێدوانەکەی گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق بێدەنگ بوو، بەڵام کاتێک وەزارەتی نەوتی عێراق وێنەکانی نوێکردنەوەی بۆرییەکانی بەستنەوەی گازی کۆرمۆرو چەمچەماڵی بە وێستگەی کارەبای کەرکوک بڵاوکردەوە، ڕۆژێک دواتر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ڕاگەیاندراوێکدا " کۆمپانیای دانەگاز بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گاز لە کێڵگەکانی هەرێمەوە بۆ هیچ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە"

گرافێک 1: ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە کێڵگەی گازی کۆرمۆر و چەمچەماڵ لە 2009 بۆ 2024




سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانە و چارەکی سێیەمی دانەگاز ، 6-12-2023، گۆڤاری میس.

* پێشبینکراوە کەوا 250 ملیۆن پێی سێجا لەچارەکی دووەمی ئەمساڵدا بۆ کۆی گشتی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان زیادبکرێت.

## هەوڵەکانی بەغدا بۆ کەمکردنەوەی هاوردەکردنی گاز لە دەرەوە و ڕووکردنە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی لە هاوینی ئەمساڵدا

لەم کابینەیەدا عێراق هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی لە دەرەوە کەمکردووەتەوە و لەنێویانیشدا بەرهەمی گازی هاوردەکراو، بەشێوەیەک بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای سۆمۆ (کە جیاوازی لە ژمارەکانیدا هەیە)، ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە 2022 عێراق هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی (نەوتی سپی، بەنزین و گازی) بۆ نیوە کەمکردووەتەوە و لەڕووی پارەشەوە لە 2022دا بە بەهای 5.2 ملیار دۆلار هاوردەی هەبووە، بەڵام لەساڵی ڕابردوو کەمبووەتەوە بۆ 2.2 ملیار دۆلار، کە زۆرترینیشی ئەم کەمکردنە بەهۆی کەمبوونەوەی هاوردەکردنی گاز بووە وەکوو لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە.

لەپاڵ ئەم کەمکردنەوەدا عێراق بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی نەوت بەرهەمهێنانی نەوت نزیکبووەتەوە لە 5 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و بەرهەمهێنانی گاز گەیشتووەتە 3200 ملیۆن پێی سێجای ڕۆژانە، کە ڕێژەی 38% دەسووتێنرێت و بەفیڕۆ دەچێت. لەڕاستیدا،

ئەو بڕەی دەسوتێنرێت و بەفیرۆدەچێت ژەهر بڵاودەکاتەوە، و ئاو، هەوا و خاکی عێراق پیس دەکات ڕۆژانە دەگاتە 1231 ملیۆن پێی سێجا گاز، ئەگەر بە پارەش لێکدانەوەی بۆ بکەین ئەوا ڕۆژانە عێراق 6.1 ملیۆن دۆلار و ساڵانەش 2.2 ملیار دۆلار پارە بەهۆی سوود نەبینین لەم گازە دەسووتێنیت[1].

عێراق بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ئەمریکا و دۆزینەوەی بەدیلی گازی ئێرانی سێ ڕێگەی جیاوازی گرتووەتەبەر، یەکەمیان وەبەرهێنان لە کێڵگە گازییەکان و ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە گازی هاوەڵی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، دووەمیان ڕێککەوتن بۆ گۆڕینەوەی کڕینی گاز وەک ئەوەی لەگەڵ تورکمانستان لەماوەکانی ڕابردوودا ئەنجامیدا و سێیەمیان کڕینی گازی کۆرمۆر و چەمچەماڵ لە دانەگاز و هەرێمی کوردستان.

هەروەها، ئەوەی ئێستا وەزارەتی نەوتی عێراق دەیکات گرێبەست و لێکتیگەیشتنە بۆ بەرهەمهێنانی گاز وەک ئەوانەی لەگەڵ تۆتاڵ، سیمینسی ئەڵمانی و ویزەفۆردی ئەمریکی کردی، و تەنانەت ئاڵوگۆڕی گاز لەگەڵ تورکمانستان و نوێکردنەوەی گرێبەستی گازی هاوردەکراوی ئێران، بەڵام ئەوەی لەگەڵ دانەگاز و هاوبەشەکانی بیکات تەنیا لەسەر کاخەز نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ گازەکە ئامادەیە و ئەمریکاش جەختی لە سوودبینی کردووەتەوە، چونکە هەر ئەمریکا بۆخۆی قەرزی بە بڕی 250 ملیۆن دۆلار داوە بە دانەگاز بۆ تەواوکردنی ئەم فراوانبوونەی بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان.

ئێستا ئەو بڕەی دانەگاز لەم چارەکەی ئەمساڵدا دەتوانێت بۆ کۆی گشتی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان زیادی بکات 250 ملیۆن پێی سێجا کە 150 ملیۆن پێی سێجا لەو بڕە زیاترە کەوا وەزارەتی نەوت و وەزارەتی کارەبای عێراق باسی کڕینی دەکەن بۆ ویستگەی کارەبای کەرکوک.

ئەگەر بەغدا تەنیا 100 ملیۆن پێی سێجا گاز لە دانەگاز بکڕێت، ئەوا 150 ملیۆن پێی سێجا گازەکەی دیکە دەتوانرێت بخریتەرسەر کۆی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز بۆ وێستگەکانی هەرێمی کوردستان و بەمشێوەیەش ئەو گرژیانەی لەسەرەتای چاککردنەوە و بەستنەوەی بۆرییەکەدا بەدیکرا، ئەمجارە لەکاتی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا بێدەنگی لێبکرێت.

خشتەی 1: بڕی هاوردەکراوی گازی شل، بەنزین و نەوتی سپی 2022-2023

| جۆری بەرهەمی نەوتی هاوردەکراو | بڕی هاوردەکراو | 2022 | 2023 |
|---|---|---|---|
| گازی شل | بڕ/ملیۆن تۆن | 1,195,566 | 658,851 |
| | بڕی پارە بە دۆلار | $1,266,637,620 | $518,143,198 |
| بەنزین | بڕ/ملیۆن تۆن | 3,691,709 | 1,811,548 |
| | بڕی پارە بە دۆلار | $3,873,905,285 | $1,653,753,413 |
| نەوتی سپی | بڕ/ملیۆن تۆن | 167,433 | 86,744 |
| | بڕی پارە بە دۆلار | $159,274,224 | $90,714,810 |
| کۆی گشتی | بڕ/ملیۆن تۆن | 5,054,708 | 2,557,143 |
| | بڕی پارە بە دۆلار | $5,299,817,129 | $2,262,611,421 |

سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق، کۆمپانیای سۆمۆ 1-4-2024

تێبینی، داتاکانی 2023 ئەوەی لە ماڵپەڕەکەدا دانراوە و ئەوەی بە فایل هاوپێچکراوە جیاوازە، لەم ڕاپۆرتەدا پشت بە ماڵپەڕەکە بەستراوە، چونکە 2022 لە هەمان ماڵپەڕەوە وەرگیراوە.

## کۆتایی

دۆخی ئێستای سیاسی و بەتایبەتیش ئابووری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک نییە کەوا دانەگاز و هاوبەشەکانی بخاتە هەڵوێستێکەوە کەوا ئەم زیادەی بەرهەمهێنراوە هەمووی بۆ پێداویستیی نێوخۆی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دانەگاز، هێشتا هەرێمی کوردستان 103 ملیۆن دۆلار قەرزاری ئەم دوو کۆمپانیایەیە، ئەمەش سەرەڕای گرتنەبەری میکانیزمێکی نوێی پارە

وەرگرتن لەساڵی رابردوودا کە راستەوخۆ لە ویستگەکانی کارەباوە بێت، ئەویش بە ئامانجی زامنکردنی گازی سرووشتی بۆ ئەو وێستگانە و کارکردن بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی 1 ملیار پێی سێجایە لە رۆژێکدا.

هەروەها، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک رووبەڕووی ئاستەنگی پێدانی حەقدەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی گاز بووەتەوە بۆ دابینکردنی کارەبا، بەڵکوو بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان و وەزارەتی دارایی عێراق " حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 436 ملیۆن دۆلار حەقدەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبای تاوەکو 30ی حوزەیران 2023 قەرزارە و نەداوە".

بەپێی زانیارییەکان دانەگاز و هاوبەشەکانی بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جوڵەکانیان ئاگادار دەکەنەوە، هەربۆیەش چاوەڕواندەکرێت راکێشانی بۆرییەکە و جەختکردنەوەی ئەمریکا لەسەر عێراق بۆ دۆزینەوەی دەرچەی دەرەوەی هاوردەکردنی گاز لە ئێران یان کەمکردنەوەی، لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، پێکەوە هۆکار بێت بۆ بەرەوپێشچوونی دانوستاندنەکان و واژۆکردنی رێککەوتن لە داهاتوودا بەفەرمی، و دەرچەیەکی گونجاویش بێت بۆ کۆمپانیاکان بۆ بەردەوامیدان بە کارەکانیان.

لە کۆتاییدا، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی وزە و بەدیاریکراویش نەوت و کاری کۆمپانیاکان و شێوازی هەناردەکردنەوەی نەوت بۆ بەندەری جەیهان بەردەوامی هەیە و ئەگەر هەنگاوێکی نوێ لەمشێوەیەش بێتە ئاراوە و ئەم رێککەوتنە بکرێت بەبێ هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت هەموو سەرنجەکان لەسەر دوو ئەنجامی دژ بەیەک بن لەبارەی هەڵویستی دامەزراوەکانی بەغدا لەسەر پرسی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان، ئەمە سەرەڕای دابەشبوونی پێشووتری نێوخۆیی دوو لایەنە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرسە، کە ئێستا نازانرێت ناکۆکییەکانیان لەسەر ئەم بابەتە کەمبووەتەوە یان زیاتر بووە.

یەکەمیان، بەغدا ناڕاستەوخۆ دان دەنێت بە گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی هەرێمی کوردستان، کە یەک دەیەیە نکۆڵی لێدەکات، چونکە گرێبەستی دانەگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو یاسایە کراوە.

دووەمیان، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش بەتەواوی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەتایبەتیش بڕیاری نادەستووری بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی، چونکە عێراق مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیایەک دەکات کەوا گرێبەستەکانی لە چوارچێوەی یاساکەدا ئەنجامدراوە.

---

[1] ئەم لێکدانەوە لەسەر زانیارییەکانی دامەزراوەی زانیاری وزەی ئەمریکا eia کراوە و نرخی یەک هەزار پێی سێجا گاز بە 4.96 دۆلار دانراوە.